
گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت
لە جیهاندا
کوردستان دوا کۆلۆنی جیهانە.




ڕووبەری خاکی کوردستان ٦٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.
ژمارەی دانیشتوانی کوردستان نزیکەی ٤٠ ملیۆنە .
کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە (عیراق،ئێران،تورکیا و سوریا).
هەژدە ملیۆن کورد لە کوردستانی باکوڕدا دەژێن.
سیازدە ملیۆن کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەژێن.
پێنج ملیۆن کورد لە کوردستانی باشووردا دەژێن.
یەک ملیۆن و نیو کورد لە کوردستانی رۆژئاوادا دەژێن،
یەک ملیۆن کورد لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا دەژێن.
نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکان.


کورد نەتەوەیەکە سەر بە گروپی هیندو ئەورۆپییە و دوو هەزار
ساڵ پێش زایین لە ناوچەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس
نیشتەجێبوون. ئاینی کورد زەردەشت بووە تا ساڵی ٦٣٦ دا
عەرەبی ئیسلام هێرشی کردووەتە ناوچەی کوردەکان و ئاینی
ئیسلامیان بە سەر کوردا سەپاندووە. تا ئێستاش ژمارەیەکی
زۆری کوردەکان زەردەشتن.
لە ناوەڕاستی ١٨٠٠ دا یەکەم جار کوردستان بەسەر هەردوو
ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا دابەشکراوە. بۆ جاری
دووەم پاش شەڕی جیهانی یەکەم کوردستان بۆ چوار بەش
دابەشکرایەوە.


کورد بە درێژایی مێژوو خەباتی کردووە بۆ ئازادی و
دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی.
چەندان شۆڕشی کردووە وبزووتنەوەی چەکداری
بەرپاکردووە. گەلی کورد خاوەنی هەزاران شەهیدە . لە
هەموو پارچەکانی کوردستاندا ڕووبەڕووی ڕەشەکوژی
و جینۆساید بووە.
ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لە هەڵەبجە و چەند
گوندێکی تردا نموونەی ئەو هێرشە درانداندانەیە کە دژی
نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە.


زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە و چەند شێوە زارێکی
هەیە. بەڵام هەردوو زاری کرمانجی خواروو و
ژووروگەورەترین شێوە زارن.
بەهۆی دەستەڵاتی داگیرکەرانەوە سنوور بۆ زمانی کوردی
دانراوە. هەردوو شێوەزارەکە بە دوو پیتی جیاواز دەنووسن.
ئەمەش وایکردووە هەردوو شێوە زارەکە لەیەکەوە نزیک
نەبنەوە. کوردی ڕۆژهەڵات و باشووردا پیتی عەرەبی و
کوردی باکووڕ و ڕۆژئاوا پیتی لاتینی بەکاردەهێنن


زمانی کوردی زمانێکی قەدەغەکراوە.
لە سێ پارچەی کوردستان خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕووی
یاساییەوە قەدەغەکراوە. لە باکوری کوردستاندا تەنانەت تا
پێش سێساڵ قسەکردن بەو زمانەش قەدەغەکرابوو. تەنیا
لە کوردستانی باشووردا خوێندن و قسەکردن مافی سروشتییە.
هەربۆیە لە باشووردا ئەدەب و زمانی کوردی بە شێوەیەکی باش
گەشەی سەندووە.
ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە وکتێب بە زمانی کوردی دەرچوون